# کوردستان دوسێپی گەرەکە...

نورەدین وەیسی

دوای چەند مانگێك لە مشتومڕو شەڕە قسەی نێوان پارتی لیبرالی دەسەڵاتداری کەنەدا وپارتە ئۆپۆزیسیۆنەکان ،بەتایبەتیش پارتی کەنسێرڤەتیڤ کە مەزنترین پارتی ئۆپۆزیسیۆنە ،متمانە لە حکومەتی کەمینەی لیبرالەکان سەندرایەوەو بڕیارە لە ٢٣ ی جانیوەریدا کەنەدییەکان روو لە بنکەکانی دەنگدان بکەن کە ئەمە دووەمین هەڵبژاردنە لەماوەی کەمتر لە هەشت مانگدا .

چوار پارتی سەرەکی بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا دەکەن کە بریتین لە پارتەکانی لیبراڵ ، کەنسێرڤەتیڤ ، بلۆك کێبێکوا، دیموکراتی نوێ بۆ بەدەست هێنانی کورسییەکانی پەرلەمان کە ٣٠٨ کورسین ، لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی رابردوودا لیبرالەکان بە رێژەی ٣٦,٧١٪ سەرکەوتنیان بەدەستهێنا ،لێ بە پێی دواترین ئامارەکانی راپرسی ئەمجارە کۆنسێرڤەتیڤەکان لەپێشەوەن وئەگەری سەرکەوتنیان هەیە.

یەکێك لە هۆیەکانی متمانە سەندنەوە لە حکومەتی لیبرالەکان تێوەگلانی ئەو حیزبە بوو لەگەندەڵی و سکاندالی ناسراو بە سپۆنسەرشیپ sponsorship scandal ئەوەبوو لە کاتی ریفراندۆمی کیبێك بۆ جیابوونەوە لە کەنەدا لە ساڵی ١٩٩٥ حکومەتی لیبراڵەکان ریکخراوێکی بە نێوی option Canada دروست کردو نزیکەی ٥ ملیۆن دۆلاریشی بەو رێکخراوەدا تا لە هەرێمی کیبێك پروپاگەندە بۆ حکومەتی فیدرالی بکات وهانی کێبێکەکان بدا دەنگ بۆ مانەوە لەگەڵ کەنەدا بدەن نەك جیابوونەوە، ((لەو ریفراندۆمەدا سەربەخۆییخوازەکانی کیبێك ٤٩٪دەنگەکانیان بەدەستهێنا وزۆری نەمابوو بەسەر فیدرالیخوازەکاندا سەربکەون )) لێ دوایی دەرکەوت ئەوپێنج ملیۆن دۆلارە دراوە بە هەندێ کۆمپانیای دۆست ونزیکی پارتی لیبراڵ.

لەدرێژەی کەمپینی هەڵبژاردندا چوار رووبەڕووبوونەوەی راستەوخۆی تەلەڤزیۆنی -٢ بە ئینگلیزی و٢ بەفەرەنسی - لە نێوان سەرکردەکانی چوار حیزبە سەرەکیەکەدا کران، وەك هەمیشە بەشی شێری هێرشەکان بەر پارتی لیبراڵی دەسەڵاتدار کەوتن ، لێ ئەوەی زۆر باڵکێش بوو بەلای منەوە بەرسڤەکانی بەڕێز جیل دوسێپ Gilles Duceppe سەرۆکی بلۆك کێبێکوا Bloc Québécois بوو کە نوێنەری کێبێکەکانە لە پەرلەمانی فیدرالیدا ولە هەڵبژاردنی رابردوودا ٥٤ کورسی پەرلەمانی بەدەستهێنا وبەپێی دوایین راپرسیش چاوەڕێ دەکرێ لە هەڵبژاردنی ئەوجارەش زۆرینەی دەنگەکان لە کێبێك بەدەست بهێنێتەوە .

لە هەردوو دیدارە تەلەڤزیۆنەکەدا دوسێپ هەمیشە هەوڵیدەدا خاڵە جیاوازەکانی نێوان کێبێك و کەنەدا زەق و گەورە بکا ، وەك ئەوەی بەڕاستی کێبێك دەولەتێکی سەربەخۆ بێت هەمیشە ناوی کەنەداو کێبێکی بەجیا دەهێناو بەشانازی و بڕوابەخۆبوونێکی بێ ئەندازەوە قسەی دەکرد،کاتێك پۆل مارتنی سەرۆکی پارتی لیبراڵ تانەی ئەوەی لێدا کە دەیەوێت کێبێك جیابکاتەوە لەو وڵاتە بەرفراوان و مەزنەی کەناوی کەنەدایە ، دوسێپ بە گاڵتە جاڕییەوە وەرامی دایەوەو گوتی(( ئەگەر هێندە پەرۆشی مەزنی کەنەدای بۆ ناچی لەگەڵ ئەمریکا یەك بگریەوە ،ئێمە نەتەوەیەکی جیاوازین وبە پێی یاساکانی دیموکراسی تەنها خۆمان دەبێ بڕیار لەسەر مافی چارەنووسی خۆمان بدەین)).

لە پێشەکی پلاتفۆرم وبەرنامەی هەڵبژاردنی بلۆك کێبێکوا کە بە ئیمزای جیل دوسێپدا نووسراوە هاتووە (( تاکە دوارۆژ بۆ کێبێك بەدەست هێنانی سەروەریی تەواوە، بۆیە کێبێك پێویستە لە پێشڤە چوونەکانی بەردەوام بێت تا ئامادەبێت بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی و سەروەری تەواو لەو رۆژەی کە لەکاتی خۆیدا دێت)).

ئەگەرچی سەرکردەکانی حیزبەکانی کەنەدا زۆر هەوڵدەدەن هاوسۆزی کێبێکیەکان بەلای خۆیاندا رابکێشن وەك ئەوەی سەرۆکی پارتی لیبرال و پارتی دیموکراتی نوێ رایانگەیاند کە ئەوان خۆیان بە خەڵکی کیبێك دەزانن چونکە تەمەنێکی زۆری ژیانی خۆیان لەوێ بەسەر بردووە ،سەرۆکی کۆنسەرتیڤیش بەڵینی ئەوەیدا کە بەشداریکردنی کیبێك لە رێکخراوە جیهانییەکاندا پەرە پێبدات بەتایبەتیش لە یونیسکۆ UNISCO ، بەڵام سەرەڕای ئەمانە سەرۆکی حیزبی لیبراڵ دانی بەوەدا نا کەهەستی سەربەخۆییخوازی لە کێبێك لە بەرزبوونەوەدایە.

گومانم نییە کە عیراق سەدەیەکی تریش ناگا بەو سیستەمە دیموکراسییەی ئێستا لە کەنەدا هەیە ، جا ئەگەر کێبێکیەکان بەو هەموو مافانەی هەیانە، ڕازی نەبن لەگەڵ کەنەدا بژین وداوای جیابوونەوە بکەن ، ئەدی سەرکردەی حیزبەکانی کوردستان بۆ هێندە شێت وشەیدای عیراقی یەکگرتوون و پێیان وا یە عیراق ژمارەیەکە دابەشبوون هەڵناگرێت وەك مامجەلال گوتی؟! بۆچی مامە حەمەیی بۆ عیراقی خوێن وتاوان دەکەن ودەبنە میانگیڕو مام مۆتکی نێوان شیعەو سوننە و دەیانکە کەڵەگا بەسەر کوردستانیانەوە؟

باشووری کوردستان پێویستی بە سەرکردەیەکی وەك بەڕێز جیل دۆسێپە نەك ئەوانەی عیراقی ئەنفالچی لە کورد زیندوو دەکەنەوە .

## جیل دوسێپ Gilles Duceppe لە چەند دێرێکدا:



لە ساڵی ١٩٤٧ لە شاری مۆنتریال لە بنەماڵەیەکی نێوداری هونەری لە دایك بووە.

دەرچووی بەشی زانستە سیاسییەکانی زانینگەی مۆنتریالە ولە هونەریشدا باچلەری هەیە .

سەرۆکی یەکێتی خوێندەڤانانی کیبێك بووە.

وەك خۆی لە دیدارێکدا ئاماژەی پێداوە لە هەرزەکاییەوە لایەنگری سەربەخۆیی وجیابوونەوەی کێبێك بووە.

لە ساڵی ١٩٩٠ بووە ئەندامی پەرلەمانی فیدرالی کەنەدا ولە ١٩٩٧ بووە سەرۆکی بلۆك کێبێکوا، خێزاندارەو کچێك وکورێکی هەیە.